# قالوبەلا

## ئەمجەد شاكەلی

میمكە جەیرانی كەریم جانی، كەماڵیان لە كەلار بوو و بۆرە خزمایەتییەكیشمان هەبوو، هەزار ڕەحمەت لە ڕۆحی پاكی بێت، كە باسی نەریتێك، ڕەوشتێك، خوویەك، ڕاهاتنێك، مێژوویەك، یا هەر شتێكی دیكەی كردبا، كە هەر لە زووەوە وا بووبێت و بەو جۆرە بووبێت و خەڵك لە سەر ئەو شێوەیە بووبێتن و ڕاهاتبن، دەیگوت:"قالوبەلا هەر وا بووە". یا "لە قالوبەلاوە هەر وایە". قالوبەلا، كە لە "قالوا بلی"ی عەرەبییەوە وەرگیراوە و بە كوردی دەبێتە: "گوتیان بەڵێ". لەم بەینەی پێشوودا و لە تەلەڤزیۆنی "كوردسات"ەوە و لە پرۆگرامێكدا، "عیماد ئەحمەد"، كە ئێستا ئەندامیی مەكتەبی سیاسی یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستانە و كاتی خۆیشی لەگەڵ ئاش(ئاڵای شۆڕش)دا بووە و كۆڵێكیش خۆی بە چەپ و ماركسیست زانیوە و بۆ خۆیشی خەڵكی خانەقینە، لە وەڵامی پرسیارێكدا، لەمەڕ داهاتووی ئەو دەڤەرانەی كوردستان، كە تازەكی ڕزگاربوون، مانەندی كەركووك و خانەقین و ئەوانە، گوتی: پاشان دەبێ ڕاخوازی بكرێت و خەڵكی خانەقین خۆیان بڕیار بدەن، كە لەگەڵ كوردستان دەبن یا لەگەڵ عیراق. تۆ وەرە بە دەستی خۆت، كوردستانیبوونی خانەقین بخەیتە گومانەوە و پێتوابێت، خەڵك دەبێ بڕیاری ئەوە بدات، كە خانەقین، كوردستانە یا نە! كوردستانیبوونی خانەقین، مەندەلی، بەدرە، قەرەغان، قزڕەبات و تا جەبەڵ حەمرین، چ وەك خاك و چ وەك خەڵكیش، چ وەك جوگرافیا و چ وەك دیرۆكیش، بێ هیچ دوودڵییەك، كوردستانە و كە كوردستانیش بوو، چ پێویستییەك بەوە هەیە، خەڵك دەنگ بدات، بۆ سەلماندنی كوردستانیبوونی خانەقین. جا، كە حاڵ وا بێت، دەبێ داوا لە خەڵكی شارە عەرەبەكانی نێزیكی سنووری كوردستانیش بكرێت، بۆ ئەوەی دەنگ بدەن، بزانن دەیانەوێت، لەگەڵ عەرەبستانی عیراق بن، یا لەگەڵ كوردستان، بۆ نموونە شاری باقووبە (بعقوبة) ، بەغدا (بغداد) ، تكریت، بێجی و. . . . ، بە گوێرەی ئەم تیۆرییە زۆركوردستانییەی عیماد ئەحمەد بێت، دەبێ هەمان مۆدێل، بۆ شارەكانی كەركووك، خورماتوو، تاووغ، كفری، قەرەغان، قەرەتەپپە، دووبز، شێخان، شنگال و. . . . بەكار ببرێت و ڕەنگە، ئەم تیۆرییە شۆڕشگێڕانەیەی عیماد ئەحمەد، ماوەیەكی دیكە، هەولێر و سلێمانی و دهۆك و. . . یش بگرێتەوە، ئەودەم كوردستانیبوونی ئەو شارانەش، دەخرێتە گومانەوە. ئەودەم، ئیدی چ دەمێنێت لە خاكی كوردستان، كە هەڕاج نەكرێت و سەودا و مامەڵەی پێ نەكرێت!. مرۆڤەكان بە تەنێ و بێ خاك دەمێننەوە، لێ تیۆرییەكە، لە دواییشدا و پاش بێرازكردنێك، ئەوانیش دەگرێتەوە و ئەودەم، باس لەوە دەكرێت، كە خاكێك هەبوو، نێوی كوردستان بوو و گەلێك هەبوو، نێوی كورد بوو. شاری خانەقین، عیماد ئەحمەد و عیماد ئەحمەدان، هەرچۆنی بخەنە مەزادەوە، هەر شارێكی كورد بووە و بەشێك بووە لە كوردستان و بڕوا ناكەم هیچ كەسێك - بێجگە لە بەعس و خەڵكانی سەر بە ڕێژیمی سەددام و شۆڤینیست و نەتەوەپەرستانی عەرەب- نكۆڵی لەوە بكات. خانەقین، میمكە جەیران گوتەنی قالوبەلا هەر كوردستان بووە و هەر بە كوردستانییش دەمێنێتەوە. 2003/10/23